# نیلسۆن ماندێلا و سروشت

وەرگێرانی : کاوە ئەمین



نیلسۆن ماندێلا، بیست و هەشت ساڵی ژیانی خۆی لە زینداندا بەسەر برد، بەهۆی ئەو خەباتەی کە لەدژی ئاپارتاید بەرپایی کرد. لە ڕاستیدا ئەو لەساڵی ۱۹۹۰، لەلایەن سەرۆککۆماری ئەو کاتەی باشووری ئەفریقا (F W de Klerk)وە ئازاد کرا و پاشان بەیەکەوە خەلاتی نۆبلی ئاشتیان پێ درا. چوار ساڵ دوای ئەوە نیلسۆن ماندێلا هەڵبژێردرا بە یەکەمین سەرۆککۆماری ڕەش پێست، لە باشووری ئەفریقا. ئێستا نیلسۆن ماندێلا دەتسی لە کاری سیاسی فەرمی کێشاوەتەوە، کاتەکانی خۆی بۆ دیبلۆماسی ئەفریقا و کاری مرۆڤانە تەرخان کردووە. ئێستا ئەو پارێزوانی دامەزراوەی پارکی ئاشتی یە، ئەم گفتوگۆیەی لەمەڕ ئەم پارکەوە لەگەڵ پیتەر گۆدوین لە یوهانسبورگ کردوە.

پرسیار: بەهای سروشت لە ژیانی تۆدا چ نرخێکی هەیە؟

وەڵام: من بۆخۆم لە کەناری یەکێک لە ڕووبارە بە ناوبانگەکانی ئەفریقا لە دایک بووم، بە ناوی ڕووباری Mbashe.

ئەگەرچی ئەم ڕووبارە وەکو میسیسپی بەناوبانگ نییە. هەرچوار دەوری ئەم ڕووبارە بە دارستان و گیانلەبەر تەنراوە، هەر ئەوەیە کەوای لێکردوم لەگەڵ سروشدا ڕاهاتووم.

پ: لەماوەی ئەو بیست و هەشت ساڵەی زینداندا، تامەزرۆی بینینی نەبویت؟

و: بە دڵنیاییەوە. منیان بۆ جێگایەک گواستەوە کە پێی دەوترا »پۆلسمور« کە دارستانێکی تیا شین بوو بوو. من هەمیشە پرسیاری ئەوەم لێ دەکردن "گوێتان لێ بێ، من لەناو دارستاندا لەدایک بووم؛ چڵە پوشێک، گەڵایەک لەلای من گرنگی زۆریان هەیە. ئایا ئێمە ناتوانین تەنها بەناو ئەم دارستانەدا بگەڕێین، ئەوان وایاندەزانی کەمن بەرنامەی هەلاتنم دارشتووە، بۆیە هەمیشە دەیان وت: " بەهیچ شێوەیەک، نابێت باسی شتی وا بکەیت".

بەهۆی نزیک بونمان لە دارستانەکەوە، مار بە باخچەکەمان فێر بوو بوو. جارێکیان خەریک بوو مارێک پێوەم بدات. یەکێک لە پاسەوانەکان ڕایکرد گۆچانێک بهێنێ، هاوارم لێ کرد "نەکەی نەیکوژیت"، ئێمە خوومان لەگەڵ ئەم مارانە گرتووە، هیچ مارێک هێرش نابات، ئەگەر نەی ترسێنی، یانیش مەگەر پێی پیا بنێیت، یاخود لە سەر ڕێی کونەکەیدا بوەستیت. پاسەوانەکە بەرپرسیار بوو لە ژیانی من، لەوە دەترسا پێوەم بدات. لەو کاتەی کە قسەمان دەکرد، چووە پێشەوە تا بیکوژێت، ویستم بیوەستێنم بەلام ئەو بەهێز و کەڵەگەت بوو، کە خۆی پیاکێشام هەڵی دامە لای مارەکەوە، مارەکەش هێرشی بۆ هێنام.

پ: گەستتیی؟

و: نا، نا. ئەوکاتە گەنج بووم و لە ئێستاش خێراتربووم، ڕامکرد لەدەستی.

پ: لەگەڵێک لاوە لە ئێوە داوا دەکرێت کە پشتیوانی لە ڕێکخراوە جۆراو جۆرەکان بکەن. چی بووە هۆی ئەوەی کە پشتیوانی لە بەرنامەی پارکی ئاشتی بکەیت؟

و: کاتێک مرۆڤ ناوچەیەکی پارێزراوی هاوسنوور بەیەکەوە گرێ دەدات، لە بەینی دوو یان چەند وڵاتێکدا، ئەوا مانای بنیات نانەوەی بەشە سروشتیەکانی ئەفریقایە، بۆ ئەوەی گیانداران لە ناوچەیەکی بەربڵاوتر لەجاران بای باڵی خۆیان بدەن. پارکە سنوور بەزێنەکان پەیامێکن بۆئەوەی کە وڵاتان ئامادەن بە ئاشتی و هاوئاهەنگی بژین. ئەمە سەرەڕایی ئەوەی کە ئەم پارکانە ژمارەیەکی زۆر گەشتکەر ڕادەکێشن، ئەمەش دەبێتەوە هۆی پەیداکردنی کار و کاسپی بۆ ئەو خەڵکانەی کە لە ناوچەکەدا دەژین.


پ: باشە بە بڕوای تۆ چۆن دەتوانرێت خەڵکانی هەرێمەکە ڕازی بکرێن بەوەی کە قایل بن ئەم پارکە دروستبکرێت، لە کاتێکدا کە زۆربەیان ئارەزوی ئەوەیانە کە زەویەکانیان بۆ کشتوکاڵ بەکاربهێنن؟

www.kurdistannet.org
10-6-2003 22:57

و: ئەگەر دەوڵەت یەک لایەن بڕیاری خۆی بدات بۆ دروستکردنی پارکێک لەسەر سنووری ولاتان و بەبێ ئەوەی پرس و ڕا بە خەڵکای ناوچەکە بکات، ئەوا ئەوانیش هاوکاری ناکەن. بەلام ئەگەر لەگەڵ خەڵکی هەرێمەکە ڕاوێژ بکرێت و وەکو پێویست ببنە بەشێک لە پرۆسەکە، ئەوا ئەوانیش هاوکاری دەکەن، بە تایبەتی ئەگەر ئەوان بزانن کە ئەم سیستەمی پارک دروستکردنە، خێرێکی بۆ ئەوانیش تێدا دەبێت.

پ: ئایا بە چ شێوەیەک دەتوانرێت گیروگرفتی ڕاوکردنی نایاسایی (دزی) ی چارەسەر بکرێت، کە مەترسیەکی گەورەیە بۆ سەر ئاژەڵی کێویی ئەفریقایی؟

و: ئێمە کۆمەڵێک پارکمان هەیە بە درێژایی » پارکی نەتەوەیی کروگێر« چەند پارکی شەخسیمان هەیە، کە شەریکەکانی شاری یوهانسبۆرگ و پریتۆریا، هاوکاریان لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە هەیە و بەیەکەوە خاوەنی ئەو پارکانەن. کاتێک خەڵکەکە لەوە گەیشتن کە ئەم چالاکیانە دەبێتەوە هۆی پەیداکردنی کار و دەستەبەرکردنی دراوی بێگانە، ئەو کاتە ڕاوی بە دزیش کۆتایی پێ دێت.



پ: ڕات چییە لەسەر ئەوەی کە خەڵکانێکی زۆری ئەفریقایی نارەزایەتی خۆیان دەردەبڕن بەدژی ئەوەی کە ڕۆژئاواییەکان ولاتانی ئەفریقای فێری ئەوە دەکەن کە چۆن بتوانن پارێزگاری لە حەیوانە کێوییەکان بکەن، ئەمە لە کاتێکدا ژمارەیەکی زۆر حەیوانی کێویی بە تایبەتی دڕندەکانیان، لە ڕۆژئاوا بنەبڕ کراون؟

و: ئەح، ئەمە بە تەواوەتی وەکو کاتی هەڵبژاردن وایە. کاتێک ئەمریکا یان بەریتانیا هەڵبژاردن دەکەن، داوای چاودێری ئەفریقایی یان ئاسیایی ناکەن، بەلام کاتێک ئێمە هەڵبژاردن دەکەین، ئەوا ئەوان داوادەکەن کە چاودێری خۆیان بنێرن. زۆر پێش لەوەی سپی پێستەکان بێنە ئەم ولاتە، کۆمەڵگای ئێمە خاوەنی یاسای تایبەت بە خۆیان بوون بۆ ئەوەی کە چۆن پارێزگاری لە ولات بکەن. سەرۆک خێڵی هەندێک ناوچە دەیتوانی بڵێ " ئەگەر کەسێک بیەوێت بچێتە دەرەوە بۆ دارهێنان، دەبێت لە پێشدا پرس بە من بکات". ئەگەر بتانەوێت ڕاو بکەن ئەوا دەبێت بەشێوەیەکی ڕێکخراوەیی بێت، ئێمە دەبێت گیاندارەکان بپارێزین، بۆ ئەوەش دەبێت مۆڵەتان هەبێت، هەروەک سەرۆک خێڵ دەیتوانی بڵێت" بۆ ئەوەی بتوانن ڕاو بکەن، دەبێت لە کاتی دیاری کراوی ساڵدا بیکەن". بێگومان ئێمە دەبێت ئەو شێوە تازانەیی پارێزگاری کردن لە سروشت فێر ببین کە لە ڕۆژئاوا بەکاری دەهێنن، بەلام چاودێری کردن لە سروشت زۆر پێش لە هاتنی سپیەکان بۆ ئێرە، هەر هەبووە.

پ: ئایا ئاگات لەوە هەیە هەندێک ولاتی ئەفریقایی، حەساسەتیان بە حاکم بوونی ئابووری باشوری ئەفریقا، پەیدا کردووە. هەروەها پرۆژەی پارکی ئاشتیش بۆ خۆی خاڵێکی حەساسە، کە لەلایەن باشووری ئەفریاقاوە دەستی بەسەردا دەکێشرێت؟

و: ئێمە سیستەمێکمان لە ڕژێمی ئەپارتیدوە بۆ بەمیرات ماوەتەوە. کە بەهۆی ئابووریەکی بەهێز و گەشەکردنی سیستەمی ئابوری و سوپا و. . هتد لە ڕەوشێکی وادابوو کە لافی بەسەر ولاتانی دراوسێدا لێدەدا. ئێمە ئەو جۆرە حوکووم کردنەمان گۆڕیوە. هەندێک لەو ڕق و کینەیە تائێستاش لەدڵی ولاتانی دراوسێدا ماوە. هەربۆیە چاکترین شت کە بتوانرێت بکرێت ئەوەیە کە ببنە ئەندامی ڕێکخراوی " گەشەکردنی هاوبەشی خواروی ئەفریقا – SADC". لە ڕاستیدا ئەو کاتە دەتوانین پێکەوە بە هەوڵدانێکی دەستەیی ناوچەیی، بژین. ئەوە تەنها شتێکە کە بتوانێت ئەو ڕق و کینەیە بنەبڕ بکات و ئەوەی هەمانە پێکەوە بیخۆین. ئێمە دەبێت زۆر وریابین و چاوەڕێی دەعوەت کردن و هیچ پێشنیارێکیش نەکەین کە بیکەین.

پ: ئایا تۆ کاتی ئەوەت دەبێت کە بەناو سروشتی دیمەندا، بگەڕێیت؟

و: هەرکاتێک بۆم بلوێت، سەردانی باخچەی ئاژەڵانی کێوی دەکەم. زۆر حەز بەسەردانیان دەکەم، بەلام زۆر سەرم قاڵە، بۆیە ئەو کاتە زۆرەم نییە کە خۆمی بۆ تەرخان بکەم.

**سەرچاوە:** National Geographic – Sverige Nr : 9 - 2001

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.